
# ڕێنمایی ڕێسای پاراستنی نێودەوڵەتی
# لە ئیرلەندە




UNHCR
The UN Refugee Agency

www.unhcr.ie

## دەربارەی ئێمە

"نووسینگەی کۆمیسیاری باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان" دامەزراوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە ڕاسپێردراوە بۆ پاراستنی ئەو ئاوارە و پەنابەرانەی وڵاتی خۆیان جێ دەهێڵن بۆ بە دەستهێنانی سەلامەتی لە وڵاتانی تر. نووسینگەی نیشتیمانی UNHCR ی ئیرلەند بەرپرسی پاراستنی ماف و خۆشگوزەرانی پەنابەران و داواکارانی پەنابەری و خەڵکانی بێ دەوڵەتی دانیشتووی ئیرلەندن لە ڕێگەی ڕێنمایی، ڕاهێنان و پاڵپشتی بەرپرسان و پشتگیریی حکومەت و برەوپێدانی باشترین پێوەرەکانی نێودەوڵەتی لە بواری دانانی یاسا، سیاسەت و دیاریکردنی ڕێ و شوێن. ئێمە لە هەندێک کەیسدا یارمەتیی، پشتگیریی یان ڕاوێژکاریی پێشکەشی پەنابەران، ئەو کەسانەی داواکاریی پەنابەری دەکەن، و خەڵکانی بێدەوڵەت دەکەین.

لە دیسەمبەری 2016، یاسایەکی نوێ بە ناوی **یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015** لە ئیرلەندە پەسەند کرا. ئەم یاسایە ڕێ و شوێنێکی نوێی پاراستن دادەنێت بۆ پشکنینی لێوەشاوی داواکارانی پاراستنی نێودەوڵەتی لە ئیرلەندە. ئەم نامیلکەیە پوختەی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی یاسای نوێ و پرۆسەی نوێی پێدانی پەنابەری لەخۆ دەگرێت و بە ئامانجی یارمەتیدانی کەسانێک ئامادە کراوە کە داواکاریی پاراستنی نێودەوڵەتی لە ئیرلەندن و ئەوانەی کار لەسەر داواکارییەکانی پەنابەری دەکەن.[1]

## دامەزراوەبڕیاردەرەکان

ئەمانە ئەو ڕێکخراوانەن کە هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ داواکاریی پاراستنی نێودەوڵەتی تۆ.

**نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPO- International Protection Office)**
IPO، نووسینگەی خزمەتگوزاری وڵاتنامە و کۆچبەری ئیرلەندە (INIS- Irish Naturalisation and Immigration Service) بەرپرسی هەڵسەنگاندنی داواکارانی پاراستنی نێودەوڵەتییە. یاسای ئیرلەند پشتگری لە سەربەخۆیی ئەو دەستە لە بەرپرسانی IPO دەکات کە بەرپرسی بڕیاردانن لەسەر پاراستنی نێودەوڵەتی. بۆ پێشکەشکردنی داواکاریی پەنابەری لە ئیرلەندە، جگە لە پێشکەشکردنی داواکاری لە بەندەری چوونەژوورەوەدا دەبێ خۆشت سەردانی IPO بکەیت. IPO لە سەرەتای 2017وە بوو بە جێگرەوەی نووسینگەی دەسەڵات پێدراوی داواکارانی پەنابەری (ORAC- Office of the Refugee Applications Commissioner). بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی ئێرە **www.ipo.gov.ie بکە**

**دادگای تێهەڵچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPAT- International Protection Appeals Tribunal)**
IPAT دادگایەکی سەربەخۆیە. ئەم دامەزراوەیە تێهەڵچوونەوە بۆ کەسانێک دەکات کە IPO پێشنیاریکردووە نابێ پاراستنی نێودەوڵەتی (دۆخی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی) وەربگرێت. ئەم دامەزراوەیە لە سەرەتای 2017وە بوو بە جێگرەوەی دادگای تێهەڵچوونەوەی پەنابەری (RAT). بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر سەردانی ئێرە **www.protectionappeals.ie بکە**

[1] **ئاگادارکردنەوەی وازهێنان:** ئەم نامیلکەیە تەنیا بۆ زانیاری پێدانە، ئامۆژگاریی یاسایی لەخۆ ناگرێت و لەوانەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو بگۆڕدرێت. بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر سەردانی نامیلکەی زانیاریی نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی تایبەت بە داواکارانی پاراستنی نێودەوڵەتی **www.ipo.gov.ie بکە**

# 1 شێوازی تاک

گرنگترین گۆڕانکاریی پەسەندکردنی دەرخراو لەلایەن یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015 شێوازێکی نوێی تاکە بۆ هەڵسەنگاندنی داواکاریەکانی پاراستنی نێودەوڵەتی. واتا مافی پەنابەری، پاراستنی لاوەکی و مانەوە پێکەوە لە چوارچێوەی هەمان ڕێکار پشکنینی بۆ دەکرێت. ئەمە ڕێگری دەکات لە دواخستنی درێژخایەن لە ڕێکاری پەنابەری.

| دۆخی پەنابەر | پاراستنی لاوەکی | مۆڵەتی مانەوە |
|---|---|---|

**ڕێکاری تاک**

# 2 پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری

ئەم هێڵکارییە پوختەی پرۆسەی نوێی داواکارییە لە ئیرلەندە و دەبێ پێکەوە لەگەڵ دەقی باسکراوادا بۆ هەر قۆناغێک بخوێندرێتەوە. هێڵکاری ڕوونکراوەی زیاتر لە پشتەوەی ئەم پەڕەیەدا هاتووە.

**قۆناغی 1**
پێدانی داواکاری بە **نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی**

**قۆناغی 2**
چاوپێکەوتنی سەرەتایی

**قۆناغی 3**
پرسیارنامە

**قۆناغی 4**
چاوپێکەوتنی تاکەکەسی

**قۆناغی 5**
بریار

گەر سەرکەوتوو بوو

**دۆخی پەنابەری،**
**پاراستنی لاوەکی**
یا
**مۆڵەتی مانەوە**

**قۆناغی 6**
گەر تێهەڵچوونەوە سەرکەوتوو نەبێت بۆ **دادگای تێهەڵچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی**

**قۆناغی 7**
گەر تێهەڵچوونەوە سەرکەوتوو نەبێت ، پێداچوونەوە بە بریاری مۆڵەتی مانەوەدا بکە

# قۆناغی 1 پێشکەش کردنی داواکاریی پاراستنی نێودەوڵەتی

دەکرێ داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکەیت لە IPO لەسەر سنووری وڵاتەکە یان لەناو وڵاتەکەدا بیت. دەکرێ داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکەیت بۆ خۆت و / یان بۆ ئەو منداڵانەت کە سەرپەرشتیان دەکەیت و تەمەنیان ژێر 18 ساڵانە. گەر منداڵەکانت لەدایکبووی ئەم وڵاتە بن یان لە ماوەی پرۆسەی داوکاری پاراستن بێنە ناو ئەم وڵاتە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی داواکارییەکەت ئەوانیش دەگرێتەوە، مەگەر ئەوانەی کە هاووڵاتی ئیرلەندە بن. وەک داواکارێک کە منداڵت هەیە زۆر گرنگە کێشەکانی پەنابەری منداڵەکانیشت لەگەڵ کێشەکانی خۆتدا باس بکەیت.

Tusla، **دەزگای منداڵ و خێزان**، دەکرێ داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکات بۆ ئەو منداڵانەی بێ سەرپەرشتن.

# قۆناغی 2 چاوپێکەوتنی سەرەتایی

گەر داواکاریی پاراستنی نێودەوڵەتی لە سنووری وڵات، بۆ نموونە لە فڕۆکەخانە یان لە بەندەر پێشکەش بکەیت، کارمەندی کۆچ و/ یان کارمەندی IPO لەوانەیە وتووێژت لەگەڵ بکات. ئەم چاوپێکەوتنە بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاریی سەرەتایی وەک ناسنامە، وڵاتی لەدایکبوون، ڕێگەی گەشت بۆ ئیرلەندە و بنەما گشتیەکانی داواکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکرێت. گەر چاوپێکەوتنی سەرەتایی لە سنووری وڵاتدا جێبەجێ نەکرێت، IPO ئەمە دەکات.

لە چاوپێکەوتنی سەرەتاییدا دەردەکەوێت ئاخۆ داواکارییەکەت قبووڵ دەکرێت یان نا. واتا کارمەندی IPO بڕیار دەدات ئاخۆ دەتوانیت داوای پەنابەری بکەیت لە ئیرلەندە یان نا. گەر لە وڵاتانی تری ئەندامی یەکێتی ئەوروپا EU مافی پەنابەری یان پاراستنی یارمەتیت پێدرابێت، یان لە وڵاتانی دەرەوەی EU مافی پەنابەریت وەرگرتبێت و ڕێگات پێ دەدات بگەڕێیتەوە ئەوێ کە تێیدا تۆ پارێزراو دەبیت، لەوانەیە نەتوانیت داوای پەنابەری لە ئیرلەندە پێشکەش بکەیت

**گەر داواکارییەکەی من قبووڵکراو نەبێت، چی ڕوو دەدات؟**
IPO نامەیەکت بۆ دەردەکات کە بڕیاری خۆی، هۆکاری دەرکردنی و کاتی دیاریکراو بۆ تێهەڵچوونەوە بۆ IPAT لەخۆ دەگرێت. داوای تێهەڵچوونەوە بۆ IPAT تەنیا بە نووسراو دەبێت.

گەر لە سنووری وڵاتدا چاوپێکەوتنی سەرەتاییت لەگەڵ کرابێت، دواتر ئاڕاستە دەکرێیت بڕۆیت بەرەو بینای IPO. لە IPO پەنجەمۆری خۆت و کەسانی ژێر سەرپەرشتی تۆ دەکرێت و وێنەی فۆتۆگرافیتان بۆ دەگیرێت. ئەم زانیاریانە وەردەگیرێن بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ناسنامە و دیاریکردنی ئەمە کە ئاخۆ یاسای دوبلین دەتگرێتەوە یان نا لە کەیسەکەت.

پاشان بڕوانامەی نیشتەجێبوونی کاتی دەردەکرێت. ئاماژە دەدات بەوەی کە مافی مانەوەت لە ئیرلەندە دەبێت بۆ داواکاریی پاراستنی نێودەوڵەتیت لە ئیرلەندە. ئەم بڕوانامەیە پێناسەی فەرمی نییە بەڵام دەبێ هەمووکات لەگەڵتدا بێت. لەوانەیە ئەم بڕوانامەیە نوێ بکرێتەوە لە ماوەی کاتی لێپرسینەوە بۆ داواکاریی پاراستن پێویست بکات.

## قۆناغی 3 پرسنامە

کارمەندی IPO پرسیارنامە و نامیلکەیەکی زانیاریت دەخاتە بەردەست لەسەر شێوازی تاک دەبێ ئەم پرسیارنامەیە پڕ بکەیەوە و بیگەڕێنیەوە بۆ IPO. زۆر گرنگە بەر لە پڕکردنەوەی پرسیارنامە نامیلکەی زانیاری بخوێنییەوە و گەر پێویست بکات ڕاوێژکاریی یاسایی وەربگریت.

پێویستە پرسیارنامەکە بەتەواوەتی پڕ بکەیەوە و زانیاریی ورد و ڕێکی پەیوەست بە پێداویستیی پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەیت. گەر تێنەگەیشتیت لە هەرکام لە بەشەکانی پرسیارنامەکە، داوای هاوکاری، لە پارێزەرەکەت بکە.

گەر دەکرێت، دەبێ پرسیارنامەکە لە ماوەی 20 ڕۆژی کارکردن یان 4 هەفتەدا بنێرییەوە. ئەمەهاوکاریی IPO دەکات لە لێکدانەوەی داواکارییەکەت بەباشترین شێوە. گەر بۆ پڕکردنەوەی پرسیارنامەکە یان پرسکردن لەگەڵ پارێزەردا کاتی زیاترت پێویست بێت، IPO دەرفەتی پێویستت پێدەدات. گەر ئەمە تۆش بگرێتەوە قسە لەگەڵ پارێزەرەکەت بکە یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکە بە IPO و ئاگادداریان بکەوە (زانیاری پەیوەندی لە لاپەڕەی 21دا هاتووە).

پێویستە هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە بە پەیوستیان دەزانیت بە داواکارییەکەتەوە پێشکەشیان بکە. ئەم ڕێسایە زانیاری پەیوەست بە داواکارییەکەت بۆ مۆڵەتی نیشتەجێبوون لەخۆ دەگرێت.

## قۆناغی 4 چاوپێکەوتنی تاکەکەسی

IPO بە ناردنی نامەیەک ئاگاداری کات و شوێنی وتووێژت دەکاتەوە. گەر پێویست بکات ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئامادەبوونی وەرگێری هاوکات. گەر پاش پێشکەشکردنی پرسیارنامە زانیاری و/ یان بەڵگەی ترت بگاتە دەست دەبێ لانیکەم هەفتەیەک زووتر لە کاتی دیاریکراوی وتووێژدا پێشکەشیان بکەیت.
کۆبوونەوەی وتووێژ دەرفەتێکی باشە بۆ باسکردنی هەموو هۆیەکانی پێشکەشکردنی پەنابەری لە ئیرلەند. ڕۆژی وتووێژ دڵنیا بە کە تۆ و وەرگێرەکەت لە وتەکانی یەکتر تێدەگەن.

گەر لە تێگەیشتنی وتەکانی وەرگێردا کێشەت هەبوو، بابەتەکە لەگەڵ بەرپرسی چاوپێکەوتنی IPO دا باس بکە. بەرپرسی چاوپێکەوتنی IPO پێشتر پرسیارنامە پڕکراوەکەتی خوێندووەتەوە و لەگەڵ کەیسەکەتدا ئاشنایە. گەر بۆ تێگەیشتنی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی IPO کێشەت هەبوو، داوا بکە پرسیارەکانت بۆ دووبارە بکاتەوە. ئەرکی تۆیە گۆڕانکاریی پەیوەست بە داواکاریی مۆڵەتی مانەوە کە بەر لە ڕێکەوتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی وەزیر بۆ دەرکردنی بڕیاری مۆڵەتی مانەوە ڕوو دەدات بە وەزیر ڕابگەیێنیت.

گەر بتەوێ زانیاریی زیاتر لەسەر داواکاری مۆڵەتی مانەوە پێشکەش بکەیت، دەتوانیت لە چاوپێکەوتنەکەدا ئەمە بکەیت. تاکوو بەر لە ڕۆژی وتووێژ و تەنانەت لە ڕۆژی وتووێژیشدا تۆ یان پارێزەرەکەت دەتوانن زانیاریی پێویست بە داواکارییەکەت بە نووسراو پێشکەش بکەن.

بەرپرسی چاوپێکەوتنی IPO لە کۆبوونەوەی وتووێژ ڕاپۆرت نووسراو ئامادە دەکات. لە کاتی دیاریکراو لە چاوپێکەوتنەکەدا، بەرپرسی وتووێژ داوات لێدەکات پێداچوونەوەی ڕوونووسی وتەکانت بکەیت و گەر پێویست بکات ڕاستکردنەوە یان ڕوونکردنەوەی پێویست پێشکەش بکەیت. پاشان داوات لێدەکرێت بە واژۆکردن وردبینی تۆماری چاوپێکەوتنەکە پشتڕاست بکەیەوە. گەر هەر شتێك لە تۆماری چاوپێکەوتنەکە بابەتی هەڵە یان ناتەواوی هەبێت، بەرپرسی وتوویژ ئاگادار کەوە و کێشەکە بە یارمەتی یەکتر چارەسەر بکەن.


گەر ئارەزووتە دەتوانیت داوا لە پارێزەرەکەت بکەیت لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە بیت، هەرچەندە، ئەمە کارێکی ئاسایی نییە. پارێزەر

دەتوانێت بەر لە وتووێژەکەدا نوێنەرایەتیت بکات. گەر تۆمنداڵێکی بێ سەرپەرشت بیت سەرپەرشتەکەت یان نوێنەری Tusla دەتوانێت لە وتووێژەکەدا ئامادە بێت. دەکرێ تەنیا لە بارودۆخی نائاساییدا، بۆ نموونە نەخۆش کەوتنی تۆ، وتووێژ دوا بخەیت. زۆر گرنگە ئەگەر ناتوانیت لە ڕێکەوتی دیاریکراودا لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە بیت، دەستبەجێ بابەتە بە IPO ڕابگەیێنە. لە بارودۆخی زۆر دەگمەندا لەوانەیە وتووێژ هەڵبوەشێتەوە.[2]

## قۆناغی 5 دەرکردنی بڕیاری IPO

پاش وتووێژەکە، IPO هەموو زانیارییەکانی پەیوەست بە کەیسەکەت ڕەچاودەکات. ئەمە تۆماری چاوپێکەوتنەکەیە و پرسیارنامەی پڕکراوەش لەخۆ دەگرێت. گەر لە ماوەی شەش مانگدا پێشنیارێک نەکرێت، دەتوانیت داوای ڕێکەوتی مەزەندەکراوی دەرکردنی بڕیاری IPO بکەیت.

ئەگەری ئاکامی جیاواز بۆ پێشنیارێک لە خشتەی خوارەوەدا باس کراوە. لە نامەی ڕاگەیاندنی پێشنیاردا هۆیەکانی باسکردنی پێشنیاری تایبەت لەسەر کەیسەکەشت باس دەکرێت. هەندێ لە ئەنجامەکانی پێشنیار لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر ماوەی هەر تێهەڵچوونەوەیەك و ئایا داداگاییکردنی زارەکی لەبەردەم IPATدا ڕێگەپێدراوە یان نا.




[2] بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی بەشی 4.5.12 بکە لە "ناميلكەی زانیاری نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی تایبەت بە داواکارانی پاراستنی نێودەوڵەتی".

به پۆستی تایبەتی پێشنیار بۆ تۆ و/ یان پارێزەری تۆ دەنێردرێت. گەر IPO پێشنیار بکات کەمافی پەنابەریت پێبدرێت، وەزیری دادوەری و یەکسانی ("وەزیر") لە ماوەی چەند هەفتەدا بڕوانامەی پەنابەریت بۆ دەدرەکات. لە بارودۆخی زۆر دەگمەندا "وەزیر" لەوانەیە پەیرەوکردنی پێشنیاری IPO ڕەت بکاتەوە گەر داواکار بە مەترسی ئاسایش دەستنیشان بکرێت.

گەر مافی پەنابەریت پێنەدرێت بەڵام پاراستنی یارمەتیت پێبدرێت، دوبارەش دەتوانیت بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری ئێستاش مافی تێهەڵچوونەوەت هەیە پێشکەش بکەیت بەIPAT. گەر نە مافی پەنابەری و نە پاراستنی یارمەتیت پێ نەدرێت، "وەزیر" بڕیار دەدات ئاخۆ مۆڵەتی مانەوەت بداتێ یان نا. جیا لە بڕیاری پێدان یان پێنەدانی مۆڵەتی نیشتەجێبوون بە تۆ، دوبارەش دەتوانیت تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارەکەی IPAT بکەیت لەسەر قبوڵنەکرانی پاراستنی نێودەوڵەتی.

ئەگەر داواکاری مافی پەنابەری و/یان پاراستنی یارمەتیت پەسەند نەکرێت،کۆپیەکی تۆماری چاوپێکەوتنەکە و وتەیە سەبارەت مافی پێداچوونەوە بۆ دادگای تێهەڵچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەوێتە بەردەستت. هەروەها زانیاریت لەسەر پرۆسەکە بە دەست دەگات لەگەڵ فۆرمێکی تێهەڵچوونەوە بۆ پێشکەشکردنی تێهەڵچوونەوەیەك. بۆ هێڵکاری چڕوپڕی زیاتر لەسەر ئەگەری ئاکامەکانی داواکاریەکەت، تکایە لە پشتەوەی ئەم پەڕەی زانیارییەدا هاتووە.

## قۆناغی 6 داوای پێداچوونەوە بۆ دادگاتی تێهەڵچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی

گەر IPO پێشنیار بکات کە تۆ مەرجی پێویستت نییە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری یان پاراستنی یارمەتی، دەتوانیت داوای پێداچوونەوە بۆ ئەم پێشنیارە ڕادەستی IPAT بکەیت. ڕەتبوونەوەی داواکاری مۆڵەتی مانەوە بابێتە هۆی مافی داوای پێداچونەوە بۆ IPATت.

دەبێ فۆرمی تێهەڵچوونەوە پڕ بکرێتەوە و لە ماوەی کاتی دیاریکراودا کە لە نامەی پێشنیاری IPO دا باس دەکرێت، ڕادەستی IPAT بکرێت. بەپێی ئەنجامەکانی ناو نامەی پێشنیاری IPO دەکرێ داوای دادگاییکردنی زارەکی بۆ تێهەڵچووونەوە بکەیت.

ڕێکەوتی کۆبوونەوەی لێپرسینەوە بە دوای پێداچوونەوەدا پێت ڕادەگەیێندرێت. لە ڕۆژی دادگاییکردندا گەر ئامادەبوونی وەرگێر پێویست بکات، دەبێ دڵنیا بیتەوە کە و تۆ وەرگێر لە مەبەستی یەکتر تێدەگەن. گەر بۆ تێگەیشتن لە وتەکانی وەرگێر کێشەت هەیە، بابەتەکە لە لای فەرمانبەری دادگای تێهەڵچوونەوە باس بکە. لە کۆبوونەوەی دادگاییکردندا جگە لە تۆ، پارێزەر یان ڕاوێژکاری یاسایی barrister تۆ و فەرمانبەری دادگا، یەکێک لە ئەندامانی IPOش ئامادە دەبێت. فەرمانبەری دادگا لەوانەیە داوا بکات شایەتحاڵ لە دادگادا بۆ شایەتی دان لەسەر لایەنەکانی داواکاری بپارێزرێت.

گەر IPAT پێشنیاری نەرێنی IPO هەڵوشێنێتەوە، "وەزیر" بڕوانامەی پاراستنی پەیوەست، واتا دۆخی پەنابەری یان پاراستنی یارمەتیت بۆ دەردەکات واتا مافی پەنابەری و مافی پاراستنی دووەمی.

**گەر لە IPO مۆڵەتی مانەوە بگاتە دەستم و بەمەوێ ناڕەزایی خۆم دەربڕم بە پێشنیاری پێنەدرانی مافی پەنابەری یان پاراستنی یارمەتی، دەبێ چی بکەم؟**

گەر مۆڵەتی مانەوەت پێبدرێت، دوبارەش دەتوانیت تێهەڵچوونەوە بکەیت بۆ پێشنیاری IPO لەسەر نەبەخشرانی پاراستنی نێودەوڵەتی. دەتوانیت مۆڵەتی مانەوەت لە فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆچبەری شوێنی خۆتدا تۆمار بکەیت.

# قۆناغی 7 پێداچوونەوەی مۆڵەتی مانەوە

گەر "وەزیر" مۆڵەتی مانەوەت نەداتێ و نارەزایەتییەکە بۆ IPAT ئاکامێکی نەبێت، گەر پاش دەرکردنی بڕیاری سەرەتایی زانیاری نوێت پێشکەش کردبێت "وەزیر" پێداچوونەوەی بڕیاری نەبەخشرانی مۆڵەتی مانەوە دەکات. فۆرمی پێداچوونەوەی مۆڵەتی مانەوەت پێدەدرێت کە دەبێ پڕی بکەیەوە. بۆ پێدانی زانیاریی نوێ تەنیا **5 ڕۆژی** ئیشکردن ت هەیە. کەواتە، دڵنیابە لەوەی کە هەر بەڵگەیەکی پێویست پێشتر ئامادە بکە بۆ پێشکەش کردن. گەر بارودۆخی تۆ لە ماوەی دەرکردنی بڕیاری سەرەتایی "وەزیر" لەسەر مۆڵەتی مانەوە و دەرکردنی بڕیاری IPAT لەسەر نارەزایەتییەکەت بگۆڕدرێت و تۆ زانیاریی نوێ و پەیوەست پێشکەش بکەیت لەسەر پێداچوونەوەی مۆڵەتی نیشتەجێبوون دەبێ زۆر خێرا ئەوان پێشکەشی "وەزیر" بکەیت.

گەر نەبەخشرانی مۆڵەتی مانەوە بەپێچەوانەی قەدەغەکردنی ناردنەوەی ناچاری بێت، "وەزیر" لەوانەیە مۆڵەتی مانەوەت بداتێ (بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی سەردانی **7. پرسیارە باوەکان** بکە).

# مافەکانی من چین؟

**مافی تۆ بەم شێوەیە:**

ئەگەر تۆ داواکارێکی مافی پاراستنی نێودەوڵەتی بیت مافەکانت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- مۆڵەت بۆ هاتنەناو و مانەوە لە ئیرلەند لە کاتی لێپرسینەوەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی لە IPO و هەر تێهەڵچوونەوەیەك بۆ IPAT
- مافی سوودوەرگرتن لە ڕاوێژکاری یاسایی و خزمەتگوزاری پارێزەرێك
- مافی سوودوەرگرتن لە ئاکاری شایستە، ڕێز و دادوەری لە ماوەی لە شێوازی تاکدا
- مافی پێشکەشکردنی بەڵگە و دۆکیۆمنتی نووسراو بە "وەزیر" لەسەر داواکاریی پاراستن
- بەکارهێنانی وەرگێرکاتێ پێویست بێت بۆ دەستەبەرکردنی دڵنیایی پەیوەندییەکان
- مافی نهێنیپارێزی
- مافی بەدەستگەیشتنی زانیاریی نووسراوەی پەیوەست بە وتووێژ، بریار یان ئاگاداری پەیوەست بە داواکاریی پاراستنی نێودەوڵەتی
- مافی پەیوەندی گرتن لەگەڵ UNHCR

ڕاوێژکاری یاسایی لە ڕێگەی **دەستەی ڕاوێژکاری یاساییەوە (LAB)** پێشکەش دەکرێت. ئەوان یەکێک لە پارێزەرانی خۆیان یان یەکێک لە پارێزەرانی تایبەتی کە لەگەڵ ئەواندا هاریکاری دەکات، دەخەنە بەردەستت. LAB (دەستەی ڕاوێژکاری یاسایی) ناچارە هەموو داواکارنی پاراستنی نێودەوڵەتی بە ڕاوێژکردنی یاسایی پێشوەخت ئاگاداری هەموو لایەنەکانی داواکاریەکەیان بکاتەوە. ئەمە لەوانەیە زانیاری پێدانی پێشەکی بەر لە پڕکردنەوەی پرسیارنامە و ڕاوێژی بەر لە وتووێژ بگرێتەوە. لە ڕاوێژی بەر لە چاوپێکەوتنێدا لەسەر تایبەتمەندییەکانی داواکاری تۆ بەپێی پرسیارنامەی پڕکراوە ڕێنمایی یاسایی پێشکەش دەکرێت. **ناوەندی یاسایی سەربەخۆی ئەنجومەنی کۆچبەرانی ئیرلەند** گەر پێویست بکات ڕاوێژکاری یاسایی پێشەکی پێشکەش دەکات. ئەگەرتوانای دارایی هەبێت تۆ هەروەهادەتوانی خزمەتگوزاری پارێزەرێکی تایبەت بەکار بێنیت.

بەپێی دۆخی داواکارییەکانت، لەوانەیە بتەویت وەرگێرێک بە ڕەگەزی دیاریکراو لە چاوپێکەوتنەکە یان دادگاییکردنی تێهەڵچوونەوە ئامادە بێت. پێویستە لە یەکەم دەرفەت IPO و/یا IPAT ئاگاداری ئەم بابەتە بکەی بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن ئەگەر بکرێت ئەم پیداویستیانە دەستەبەر بکەن.

هەموو زانیارییەکانی تایبەت بە داواکاری تۆ بە نهێنی پرۆسە دەکرێت و ناخرێتە بەر دەستی دامەزراوەکانی وڵاتی خۆت/شوێنی نیشتەجێبوونی تۆ یان نوینەرانی وڵاتەکەت لە ئیلاندە.

# ئەرکی من چییە؟

**ئەرکی تۆ ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

- لەبەرچاوگرتنی یاساکانی ئیرلەند

ئەمە مانای ئەوەیە دەبێ ڕێز دانێیت بۆ یاسا و ڕێساکانی ئیرلەند.

- ئەرکی هاوکاریکردن

وەک داواکار، تۆ دەبێ لە شێوازی تاک لە پرۆسەی کارکردن لەسەر داواکاری پاراستنی خۆت و پرۆسەی داوای پێداچوونەوە بۆ بریارێک کە دەردەکریت هاوکاری بکەیت. هەروەها دەبی لە یەکەم دەرفەتی گونجاو هەموو زانیارییەکانی پێویست بۆ سەلماندنی ڕاستیی داواکارییەکەی خۆت پێشکەش بکەیت و ڕاستگۆ بیت. هاوکاری نەکردن لەوانەیە ئەنجامی هەلسەنگاندنی داواکاریی پاراستنی تۆ بخاتە ژێر کاریگەری.

## پابەندبوونەکانیی ڕێکارەکان

بەشێک لە ئەرکی تۆ هاوکارییە کە پابەندییەکانی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ. بەجێ نەهێشتن یان هەوڵ نەدان بۆ بەجێهێشتنی ئیرلەندە لە ماوەی جێبەجێکردنی ڕێکاری تاک، بەبی وەرگرتنی ڕەزامەندی لە وەزیر؛

ب. ڕاگەیاندنی نووسراوەی ناونیشانت یان گۆڕانکارییەکانی ناونیشان بە "وەزیر" بە زووترین کات؛

ج. ڕەچاوکردنی هۆشدارییەکان وەک مەرجەکان بۆ نیشتەجێبوون یان مانەوە لە شوێنێکی دیاریکراو لە ئیرلەندە و /یان ڕاپۆرتدان لە ماوەی کاتی دیاریکراو بە ئەفسەری کۆچکردن یان ئامادەبوونی ڕێکوپێک لە وێستگەی گەردە Garda (پۆلیس)ی دیاریکراو؛

د. ئاماژەکردن بە ناو، ناونیشان، وڵاتنامە و ژمارە پێناسەی کەسی ئاماژەکراو لەسەر بڕوانامەی نیشتەجێبوونی کاتی لە هەموو نامە ناردنەکان لەگەڵ IPO یا IPAT؛

ە. ڕەچاوکردنی دروستی دەربارەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی و پرکردنی پرسیارنامە لەگەڵ زانیاری پەیوەندیدار لەگەڵ ئەنجامی داواکارییەکە؛

و. هێشتنەوەی کۆپی هەموو ئەو بەڵگانەی کە IPO و IPAT بۆ تۆ دەنێرێت یان تۆ بۆیان دەنێریت.

## ئاخۆ دەتوانم لەو ماوەیەدا کار بکەم کە داواکاریی من بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی تاوتوێ دەکرێت؟

ئەگەر لە ماوەی 6 مانگدا بڕیاری پەیوەندیدار بە داواکاریی پاراستنی خۆتان لەIPO وەرنەگرتبێت و ئەم دواکەوتنە بە هۆی کردەوەکانی خۆتان نەبێت، دەتوانن داوای وەرگرتنی مۆڵەتی کار بکەن. بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم ناونیشانە بکەن: www.inis.gov.ie

# 4 زانیارییەکانی دیکەی پەیوەندیدار

### پێشەنگی

IPO ڕەنگە هەندێک لە دواکارییەکان پێشەنگی بدات. ئەمە مانای ئەوەیە بۆ هەندێ داواکارەکان زووتر لە کەسانی دیکە کاتی چاوپێکەوتن دیاری دەکرێت. ئەمە بە واتای دیاریکردنی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی داواکاری یان بوونی گەرەنتی تایبەت نییە بۆ وەرگرتنی داواکاری ئەم جۆرە کەیسانە.

بە هۆکاری دیارکراو لەوانەیە کەیسەکە پێشەنگی بدرێت. بۆ نموونە کەیسی داواکارانی سەرووی 70 ساڵ (و ئەندامی گرووپی خێزانی نەبن)، منداڵانی بێ سەرپەرشت، بۆ هۆکاری تەندروستی مەترسیدار یان بەهۆی وڵاتی وڵاتنامەکەت (سوریا، ئیریتریا، عێراق، ئەفغانستان، ئێران، لیبیا و سومالیا).

IPO، بە یارمەتی UNHCR، زانیاریی پێشەنگی داواکاریی تایبەتی دەرکردووە بۆ جۆری دیاریکراوی داواکاری کە لێرە بەردەستن: http://www.ipo.gov.ie/en/ipo/pages/prioritisation_applicants

### وازهێنان

تۆ دەتوانی لە هەر کات بەر لە ئامادەبوونی ڕاپۆرتی تایبەت بە داواکاری تۆ لە IPO یان دەرکردنی بڕیای لە IPAT، داواکاریی پاراستنی خۆت وەربگریەوە یان داوای پێداچوونەوە بکەیت. پێویستە بەر وازهێنان لەگەڵ پارێزەرەکەت ڕاوێژ بکەیت و ئاشنا بیت لەگەڵ ئەو دۆخەی کە بۆ تۆ و کەسانێک کە لەژێر سەرپەرشتی تۆدان لە ئەنجامی وازهینانەکە بەدی دێت. بە ڕاگەیاندنی وازهێنانی تۆ، هەڵسەنگاندنی داواکاری تۆ کۆتایی پێدێت و "وەزیر" ئیترمافی پەنابەری یا پاراستنی دووەمی بە تۆ نابەخشێت.

## گەڕانەوەی-ئارەزوومەندانە

لە هەر قۆناغێک لە شێوازی تاکدا دەتوانیت ئارەزوومەندانە-بگەڕییتەوە بۆ وڵاتی خۆت/شوێنی نیشتەجێبوونی خۆت. ئەگەر داواکاری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەبیت، لەوانەیە بتوانی سوود وەرگریت لە یارمەتی و ڕینمایی "ڕێکخراوەی نێودەولەتی کۆچبەری" (IOM)، بۆ نموونە یارمەتی-تێچووی سەفەر. یەکەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەINIS یش لەوانەیە یارمەتی تۆ بدات.

بۆ بەکارهێنانی دەرفەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەلە ماوەی هەڵسەنگاندنی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی، دەبێ داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی لە IPO یا داواکاری پێداچوونەوەی خۆت لە IPAT وەرگرێوە. ئەگەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی تۆ لە ئیرلەندە پەسەند نەکرێت و بۆ تۆ مۆڵەتی مانەوە دەرنەکرێت، "وەزیر" لە کۆتایی پرۆسەکە ئاگادارت دەکاتەوە لە توانای گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەبۆ وڵاتی خۆت/شوێنی نیشتەجێبوونی خۆت. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی https://www.youtube.com/watch?v=eX7GarY2rUE بکە

## یاسای یەکیتی ئەوروپای-دوبلن

یاسای یەکێتیی ئەوروپای دوبلن دەزگایەکی یاسابیە کە دیاری دەکات کام وڵات دەبێ هەستیت بە ئەنجامدانی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی تۆ. کاتێک داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکەیت، IPO پەڕەیەک داگری زانیاری تایبەت بە یاسای یەکیتی ئەوروپای دوبلن دەخاتە بەر دەستت. پێویستە کە ئەم پەڕە زانیارییە بە وردی بخوێنیتەوە چونکە لەوانەیە وڵاتی ئەندامی دیکە بەرپرس بێت بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی داواکاری تۆ، بەتایبەت ئەگەر خزم وکەسی تۆ نیشتەجێی وڵاتانی دیکەی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا بن. ئەگەر داواکاری تۆ لەژێریاسای یەکێتیی ئەوروپای دوبلن بێت، پەڕەی زانیاری دیکە دەخریتە بەر دەستت دەربارەی پرۆسەی دوبلین و کاریگەری ئەو لەسەر کەیسەکەت.

## دووپاتکردنەوەی داواکاری بۆ پاڵپشتی نێودەولەتی

ئەگەر مافی پەنابەری و پاراستنی لاوەکی نەبەخشراوە بە تۆ و داواکاری تۆ داخرابێت، بۆ پێشکەشکردنی داواکاری دووبارە یان دووپاتکردنەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی لە ئیرلەندە پیویستت بە مۆڵەتی "وەزیر" دەبێت. بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت بۆ پێشکەشکردنی داواکاری دووبارە نامە بنووسە بۆ "وەزیر". هۆکارەکانی کە دەبێ ڕەچاو بکرێن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ. لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری پێشووەوە، زانیاری نوی بەدەست هاتبیت کە بتوانێت کاریگەری بەرچاوی هەبێت لەسەر ڕەوتی پەسەندکردنی شیاوی تۆ بۆ وەرگرتنی پاراستنی نێودەوڵەتی و تۆ نەتتوانی بێت ئەم زانیاریانە لە قۆناغی سەرەتایی داواکاری پێشوو پێشکەش بکەیت.

ب. ئەگەر داواکاری پێشووی تۆ بەهۆی کەمترخەمی بی ئەنقەستی تۆ لە بەدواداچوون وەرگیریتەوە یان بە وەرگیراوی دانرابێت.

ئەگەر "وەزیر" پێشکەشکردنی داواکاری دووبارە پاراستنی نێودەوڵەتی قەبول نەکات، ئەم بریارە بە هۆکاری پەیوەندیدارەوە بە تۆ ڕادەگەیێندریت بۆ ئەوەی کە ئەگەر حەز بکەیت سەبارەت بەIPAT داوای پێداچوونەوە بکەیت.

## پێداچوونەوەی دادوەریی

پێداچوونەوەی دادوەری ڕیسای "دادگای باڵا" بۆ چاودێری لەسەر دامەزراوەکانی جێبەجێکار و دادگاکان، بریتی لە IPO و IPAT ـە. بەم شێوەیە گەرەنتی دەکرێت کە بریارەکانی ئەم دامەزراوەیە دروست و بەپێی یاسا بێت. پێداچوونەوەی دادوەری لەگەڵ پێداچوونەوەی داواکاری جیاوازە. لەم پرۆسەیەدا، داواکار بە ڕینمایی پارێزەری خۆت دەتوانێت بریاری IPO و/یان IPAT بۆ پێداچوونەوەی دادوەری بەپێی یاسای کارگێڕی ئیرلەند ڕەوانەی "دادگای باڵا" بکات؛ بۆ نموونە ئەگەر لە ڕەوتی دەرکردنی بریار بۆ داواکاری داواکار هەڵەی یاسایی ڕوو بدات، پێداچوونەوەی دادوەری بەکار دەهێنرێت. پارێزەرەکەت بە تۆ دەڵێت کە ئاخۆ ئەم پرۆسەیە دەربارەی داواکاری تۆ بەکار دەهێنرێت یان نا. تێبینی بکە کە دادگای بەرپرسی دادوەری ناتوانێت بریاری باش پێشنیار بکات دەربارەی پاراستنی نێودەوڵەتی بەڵکوو دەتوانێت IPO یا IPAT ناچار بکات بە دەرکردنی بریاری نویٔ بە ڕەچاوکردنی ئەنجامەکانی یاسایی دادگا. پێداچوونەوەی دادوەری لەوانەیە بریاری وەزیری داد و یەکسانیش لەخۆ گرێت. بۆ ئەوەی کە بزانیت کە ئاخۆ کەیسەکەی تۆ ئەم بژاردەیانە لەخۆ دەگرێت یان نا، لەگەڵ پارێزەری خۆت ڕاوێژ بکە.

## دەستبەسەرکردن

داواکاران بە گشتی لە ڕەوتی هەڵسەنگاندنی داواکاریی پاراستن لە ئیرلەند دەستبەسەر ناکرێن. هەرچەندە، لە هەندێک بابەتدا ئەفسەری کۆچبەری یان یەکێک لە فەرمانبەرانی Garda Síochána (پۆلیس) لەوانەیە بەپێی یەکێک لەوانەی خوارەوە داوارەکە دەستبەسەر بکات:

I. داواکار هەڕەشە بێت لەسەر ئاسایشی گشتی یان حوکمی گشتی وڵات؛

II. داواکار تاوانی مەترسیدار و ناسیاسی کردبێت لە دەرەوەی ئێرلەند؛

III. داواکار هەوڵی نەدابێت بۆ سەلماندنی ناسنامەی خۆی؛

IV. داواکار بیەوێت لە ئێرلەند دەرچێت و بێ مۆڵەتی یاسایی بچێتە وڵاتێکی دیکە؛

V. داواکار بەشێوەیەک ڕەفتاری کربێت یان هەنگاوی نابێتەوە کە پێشێلی یاساو مەرجەکانی سیستەمی بەخشینی نێودەوڵەتی وڵات یان گرێبەستەکانی پەیوەندیدار بە "هەرێمی گشتی بێت"؛ یان

VI. داواکار بێ هۆی پاساوهەڵگر بەڵگەی پێناسەیی یان بەڵگەی سەفەری خۆی لەناو بردبێت یان هەڵگری بەڵگەی ساختە، شێواو یان نوێکراوە بێت.

داواکاری دەستبەسەرکراو لەبەری هۆکاری وتراو لە پێشوودا لەوانەیە بگوازرێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە لە یاسا بۆ ئەم کاروبارە لەبەرچاو گیراوە. منداڵان، یانی کەسانی خوارووی 18 ساڵ، ناکرێ بەپێی ئەم یاسایە دەستبەسەر بکرێن.

**ئەگەر لە گرتوخانەی پۆلیس بم، دەتوانم پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەم؟**
ئەگەر لە بەندیخانەی پۆلیس بیت، دیسان ناتوانیت پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەیت. ئەگەر داواکاری پاراستن پێشکەش بکەیت، دەبێ لە یەکەم دەرفەتدا بابەتەکە بە بەڕێوەبەری زیندان یان Garda لە بنکەی پۆلیسی پەیوەندیدار ڕابگەیێنیت. ئەگەر لە ماوەی کارکردن لەسەر داواکارییەکەتان هەروا دەستبەسەری، داواکارییەکەت پێشەنگی پێدەدرێت.

**ئاخۆ دادگا دەتوانێت پێداچوونەوە بکات لەسەر کەیسی-دەستبەسەرکردنی من؟**
ئەگەر بەپێی ئەوانەی لە پێشوو وتراون دەستبەسەر بکریت، لە یەکەم دەرفەت لای دادوەری دادگای هەرێمی ناوچەیەک کە تێیدا دەستبەسەر کراویت. دادوەری دادگای هەرێمی پێداچوونەوە دەکات بۆ پێویستی بەردەوامی دەستبەسەری بەپێی باروودۆخی تایبەتی کەیسەکەی تۆ.

# 5 سوودمەندانی پاراستنی نێودەوڵەتی:

## مافی من وەک سوودمەندی پاراستنی نێودەوڵەتی

ئەگەربڕوانامەی دۆخی پەنابەری یا پاراستنی لاوەکی بدرێت بە تۆ، مافی خوارەوە بۆ تۆ لەبەرچاو دەگیرێت:

- مۆڵەتی مانەوە لە ئیرلەندە بە ماوەی دیاریکراوی بەلانیکەم 3 ساڵ؛
- گەڕان بۆ کار یان گرێبەستکردنی دامەزراندن یان ئەنجامی بزینس و بازرگانی یان پیشەی سەربەخۆ؛
- دەست پێگەیشتن بە ئاسانکاری خوێندن و فێرکاری هاوشێوەی هاووڵاتی ئیرلەند؛
- دەست پێگەیشتن بە خزمەتگوزاری چارەسەری و بەرژەوەندییەکانیخۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی هاووڵاتی ئیرلەند؛
- بەکارهێنانی مافی سەفەر بۆ/لە ئیرلەند هاوشێوەی هاووڵاتی ئیرلەند (هەڵبەت لەوانەیە بۆ سەفەر بۆ وڵاتانی دیکە پێویستت بە ڤیزە بێت)؛
- پێشکەشکردنی داواکاری بە "وەزیر"، لە ماوەی ساڵێک لە وەرگرتنی دۆخی پەنابەری یا پاراستنی لاوەکی ، بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی هاتنی هەندێ خزم وکەس بۆ ئیرلەندە و نیشتەجێبوونیان لەلای تۆ لە ئیرلەندە.

### چۆن دەتوانم هەستم بۆ وەرگرتنی بەلگەیەکی سەفەر؟

بۆ وەرگرتنی بەڵگەیەکی سەفەر دەتوانی داواکاری پەیوەندیدار پڕ بکەیەوە و ڕادەستی "وەزیر" بکەیت. پێدانی حەقدەستی 80 یۆرۆییش پێویستە. ئەگەر داواکار بەڵگەی سەفەر زانیاری پێویستی پێشکەش نەکردبێت بۆ ئامادەکاری بۆ داواکاریەکە، داواکاری خاوەن پاراستنی لاوەکی بێت و بتوانیت پاسپۆرتی نیشتمانی وەرگرێت یان "وەزیر" وای دانێت کە دەرکردنی بەڵگەی سەفەر بە زیانی ئاسایشی نیشتمانی، ئاسایشی گشتی، تەندروستی گشتی یان حوکمی گشتی یان پێشێلکەری سیاسەتی گشتییە، "وەزیر" بەڵگەی سەفەر دەر ناکات.

### من مۆڵەتی مانەوەم هەیە. دەتوانم هەستم بۆ وەرگرتنی بەلگەی سەفەر؟

ئەگەرمافی پەنابەری یا پاراستنی لاوەکی نەبەخشرا بەڵام مۆڵەتی مانەوە لە ئیرلەندە بەخشرا، پێویستە بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت سەردانی بالوێزخانەی وڵاتەکەی خۆت بکەیت. لە هەندێ حاڵەتی نائاسایی، وەزیری داد و یەکسانی لەوانەیە بۆ کەسانی خاوەن مۆڵەتی مانەوە کە پاسپۆرتی نییە بەڵگەی سەفەری جێگرەوە دەربکات.

مافی پەنابەران و سوودمەندەکانی پاراستنی لاوەکی بە نزیکی هاوشێوەیە، جگە لەوە کە پەنابەران دەتوانن بەڵگەی سەفەری پەنابەریان هەبێت. سوودمەندی پاراستنی لاوەکی تەنیا ئەگەر بەڵگەی سەفەر لە INIS وەربگرێت کە نەتوانیت لە ولاتی خۆی پاسپۆرتی نیشتمانی وەربگرێت. مافی پەنابەری بەپێی "ڕێکەوتنامەی پەنابەرانی 1951 ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان" و پرۆتۆکۆلی ئەوئەژمار دەکرێت. پەنابەران پاش سێ ساڵ دەتوانن هەستن بۆ بەدەسهێنانی وڵاتنامەی ئیرلەندی لە کاتێکدا سوودمەندانی پاراستنی لاوەکی دەبێ پێنج ساڵ چاوەڕی بکات.

ئەگەر مافی پەنابەری و پاراستنی لاوەکی بە تۆ نەدرێت بەڵام مۆڵەتی مانەوە بدرێت، ئەم مۆڵەتە بریتی دەبیت لە بەشی 4 لە "یاسای کۆچبەری 2004." مۆڵەتی مانەوە لەوانەیە بەپێی بارودۆخی تایبەت دەربکرێت. بۆ نموونە مۆڵەتەکە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کارپێکراو بێت. هەروەها مۆڵەتی مانەوە لەوانەیە بریتی بێت یان نەبێت لە مۆلەتی کارکردن، وەرێخستنی بزینس یان ئیشی سەربەخۆ کردن. مۆڵەتی مانەوە دەکرێ نوێ کرێتەوە پاش بەسەرچوون. هەرچەندە، ماوە و مەرجەکانی نوێکردنەوە ئاماژە کراوە لە مۆڵەتەکەدا لە هەر کاتێکدا بگۆردرێت.

کەسی خاوەن مۆڵەتی مانەوە ناتوانیت خێزانی خۆیان بین بۆ ئیرلەند بەپێی "یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی". ئەم کەسانە دەتوانن بە پێی پرۆسە ئاساییەکانی کۆچکردن هەستن بۆ دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە پەنای خێزان. هەڵبەت، بارودۆخ و ڕەچاوکردنەکانی جیاواز لەم بوارە جیبەجی دەکرێت.

### دووبارە نیشتەجێبوونەوە لەپەنای خێزان

ئەگەر بڕوانامەی مافی پەنابەری یا پاراستنی لاوەکی بدرێت بە تۆ، دەتوانی لە ماوەی 12 مانگ لە وەرگرتنی ئەم بڕوانامەیە، لە "وەزیر"ت بوێت کە هەندێ خزم وکەست بۆ ژیان لەگەڵ تۆ بێن و لە ئیرلەندە نیشتەجی بن، یان ئەگەر لە ئیرلەندە نیشتەجێن، لەو وڵاتە لای تۆ بمێیننەوە و ژیان بەسەربەرن.

پاش لێکۆڵینەوە و دەرکرانی مۆلەتی "وەزیر"، ڕیگە دەدرێت بە خزم وکەسەکانت کە بە ماوەی دیاریکراوی لانیکەم 1 ساڵ لە ئیرلەندە بمێنێتەوە. مۆڵەتی مانەوەی خزموکەسەکان دەکری بە ماوەی لانیکەم 2 ساڵ نوێ کرێتەوە.

**لە بواری دووبارە نیشتەجێبوونەوە لەپەنای خێزان چ کەسانیک بە ئەندامی خێزانم ئەژمار دەکرێن؟**

ئەگەر داواکار گەورە بێت، ئەم کەسانە وەک ئەندامی خێزان ئەژمار دەکرێن: (آ) هاوسەر یان هاوبەشی مەدەنی تۆ، بە مەرجی باوەڕپیکراوی گرێبەستی هاوسەرگیری یان هاوبەشی مەدەنی لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی؛ (ب) منداڵ، لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاریی پاراستنی نێودەوڵەتی ژێر 18 ساڵ و سەڵت بێت.

**من منداڵی بێ سەرپەرشتم. بۆ ئامانجی زیاتری دووبارە نیشتەجێبوونەوە لەپەنای خێزان چ کەسانیک بە ئەندامی خێزانم ئەژمار دەکرێن؟**

دایک و باوک و خوشک و براکان بە مەرجێک ژێر 18 ساڵ و سەڵت بن. خزم و کەسەکانت لە کاتی پێشکەشکردتی داواکاری دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە پەنای خێزان دەکەوێتە ناو پێناسەی خێزان.

## چۆن دەتوانم داواکاری دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە پەنای خێزان پێشکەش بکەم؟

پاش وەرگرتنی بڕوانامەی مافی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی دەتوانی داواکاری دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە پەنای خیزان بە نووسراوە ڕادەست بکەیت بە یەکەی دووبارە یەکگرتنەوەی خێزان، خزمەتگوزاری هاووڵاتی وپاش وەرگرتنی بڕوانامەی مافی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی دەتوانی داواکاری دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە پەنای خیزان بە نووسراوە ڕادەست بکەیت بە یەکەی دووبارە یەکگرتنەوەی خێزان، خزمەتگوزاری هاووڵاتی و **(Family Reunification Unit, the Irish Naturalisation and Immigration Service)** کۆچبەری ئیرلەند بە ناونیشانی **13/14 Burgh Quay, Dublin 2**.

### ڕەوتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە پەنای خێزان

لە ماوەی12 مانگ،لە ڕێکەوتی وەرگرتنی مافی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی لە "وەزیر" دەبێ داواکاری دووبارە لە پەنای خێزان پێشکەش بکەیت. بۆ نموونە ئەگەر مافی پەنابەری لە ڕێکەوتی 1 ی مارتی 2017 دەرکرێت، داواکاری دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە پەنای خێزان دەبێ تا بەر لە 1ی مارتی 2018 پێشکەش بکەیت.

تۆ دەبێ داواکاری نووسراوەی خۆت هاوڕێ لەگەڵ زانیارییەکانی خوارەوە پێشکەش بکەیت بە یەکەی دووبارە یەکگرتنەوەی خیزان، INIS:

- ناو، ژمارە پێناسەی کەسی و ناونیشانی؛
- ڕێکەوتی وەرگرتنی مافی پەنابەر یان پاراستنی لاوەکی لە وەزیر؛
- بۆ هەر ئەندامێکی خێزان: ناو ، پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ تۆ، ڕێکەوتی لەدایکبوون، وڵاتنامە و ناونیشانی هەنووکەیی.

باشترە کۆپی بڕوانامەی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی هاوپێچی داواکارییەکەت بکەیت. پاش ئەوداواکارییە، یەکەی دووبارە یەکگرتنەوەی خێزان پرسیارنامەیەکت بۆ دەنێرێت. لەم قۆناغەدا، داوات لێدەکرێت کە بەڵگەی ئۆریجناڵی ئەندامانی خێزان وەک بڕوانامەی لەدایکبوون، کارتی پێناسەی نیشتمانی و پاسپۆرت هاوڕێ لەگەڵ دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگی نوێی تایبەت بە پاسپۆرت بنێریت. لەوانەیە پێویست بکات کە بەڵگەی سەفەر و بەڵگەی باوەڕپێکراوی هەنوکەیی خۆتیش پێشکەش بکەیت. بەپێی بارودۆخی ئێستای تۆ، ئەگەر داواکاری نیشتەجێبوونی دووبارە لەپەنا هاوسەر یان مێردەکەت بیت،ڕەنگە پێویست بێت کە بڕوانامەی هاوسەرگیری خۆتیش پێشکەش بکەیت هاوڕێ لەگەڵ زانیاری یان بەڵگە باوەڕپێکراوەکانی پەیوەندیدار.

پاش پڕکردنەوە وناردنەوەی پرسیارنامەکە، یەکەی دووبارە یەکگرتنەوەی خیزان هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ داواکاری تۆ و ڕای خۆیان بە نووسراوە بە تۆ ڕادەگەیێنن. ئەگەر داواکاریی دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە پەنای خێزان قەبووڵ کرێت، مۆڵەتی هاتن و/یان نیشتەجێبوونی خزمەکانت بۆ/لە وڵات لە نووسراوەی ڕاگەیاندنی ڕایەکە ئاماژە دەکرێت. پێویستە بەر لەو ڕیکەوتە سەرەتاییەکانی سەفەری ئەوان دەستەبەر بکرێت چونکە ئەگەر ئەندامانی خێزانی تۆ لەو ڕێکەوتە یان بەر لەو نەیەنە ناو ئیرلەندە، مۆڵەتی دووبارە نیشتەجێ بوونەوەیان لە پەنای خێزان هەڵدەوەشێتەوە.

## من یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانم کە بە تازەیی مۆڵەتی گەیشتن بە خێزانم لە ئیرلەند وەرگرتووە. مافەکانی من چین؟

مافی هاتن و/یان نیشتەجێبوون بە ماوەی لانیکەم ساڵێک، و ئەگەر مۆڵەتەکە نوێکرێتەوە، بەلانیکەم دوو ساڵ لە ئیرلەندا بۆ تۆ پارێزراوە. وەک ئەندامێکی خێزان، هەمان مافی پاڵپشتەکەت هەتە، بە مەرجێک کە پاراستنی نێودەوڵەتی پاڵپشتی تۆ بڕواپیکراو بیت و تۆش نیشتەجێی ئیرلەند بیت.

# 6 مەرجەکانی گواستنەوە

هەندێک کەس داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیان پێشکەش کردووە بەر لە دەسپێکی جیبەجێکردنی "یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی" لە 31 دیسەمبەری 2016. هەندێک هەنگاو نراوە بۆ گواستنەوەی داواکاری مافی پەنابەری و پاراستنی نێودەوڵەتی تۆمارکراو لە "نووسینگەی کۆمیسیاری داواکارانی پەنابەری" (ORAC) و هەندیک نارەزایەتی تۆمارکراوە لە "لە دادگای تێهەڵچوونەوەی پەنابەران" (RAT) بە IPO ی نوێ. IPO بۆ ئەم کەسانە نامەیەک دەنێرێت کە ناوەڕۆکەکەی ڕوونکردنەوەیە سەبارەت بە گواستنەوەی داواکاری ئەوان.

دەستە سەرەکییەکانی ئەو کەیسانەی کە دەگوازرێتەوە بۆ. IPO تێبینی بکە کە بۆکسەکانی لای چەپی داواکارییەکانی پێشکەشکراو بەر لە 31ی سێپتەمبەری 2016 پێشان دەدات. زانیاریی زیاتر لە **راگەیاندنی IPO سەبارەت بە ئامادەکاری کاتی پێشکەشکراوە:** [http://ipo.gov.ie/en/IPO/Pages/Transitional_Arrangements](http://ipo.gov.ie/en/IPO/Pages/Transitional_Arrangements) ئەگەر ڕینمایی زیاترت پێویستە دەربارەی کەیسی خۆت، پەیوەندی بکە بە پاریزەرەکەت.

**31ی دیسەمبەری 2016 داواکاری دۆخی پەنابەریم پێشکەش کرد بە ORAC هێشتا پێشنیارێکم دەربارەی کەیسی خۆم وەرنەگرتووە.**

**کەیسی تۆ بۆ پێداویستییەکانی پاراستنی نێودەوڵەتی دەگوازرێتەوە بۆ IPO. یانی پێویستە پرسیارنامەیەکی نوێ پڕ بکەیەوە و چاوپێکەوتنی نوێ لە چوارچێوەی شێوازیکی تاک ئەنجام بدەیت.**

**داوای پێداچوونەوەی من لەسەر بڕیاری دەرکراو بۆ مافی پەنابەری بەر لە 31ی دیسەمبەری 2016 لە RAT لە دەستی پشکنین دابوو بەڵام بڕیاری دادگا هێشتا دەرنەکراوە.**

**کەیسی تۆ بۆ پشکنینی شیاوی تۆ لەبواری پاراستنی لاوەکی دەگوازرێتەوە بۆ IPO. هەروەها تەنیا لە بواری پاراستنی لاوەکی دەبی پرسیارنامە پڕ بکەیەوە و لە چاوپێکەوتنی نوێدا بەشدار بیت. ئەگەر IPO داواکاری تۆ بۆ پاراستنی لاوەکی پەسەند نەکات، "وەزیر" بڕیار دەدات کە ئاخۆ دەبێ مۆڵەتی مانەوە بدات بە تۆ یان نا. ئەگەر لە دژی پەسەند نەکردنی داواکاری پاراستنی یارمەتیت، داوای پێداچوونەوەی تۆ دۆخی پەنابەریش دەگرێتەوە. هەر بۆیە، هەر دوو داواکاری پێداچوونەوە، یانی دۆخی پەنابەری و پاراستنی لاوەکی ، لەگەڵ یەکدی کاریان بۆ دەکرێت.**

**من بەر لە 31ی دیسەمبەری 2016 لە ORAC داواکاری پاراستنی یارمەتیم پێشکەش کرد بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوە دەربارەی داواکاری من دەستی پێ نەکردووە.**

**کەیسی تۆ بۆ پشکنینیشیاوی تۆ لەبواری پاراستنی لاوەکی دەگوازرێتەوە بۆ IPO. هەروەها تەنیا لە بواری پاراستنی لاوەکی دەبی پرسیارنامە پڕ بکەیەوە و لە چاوپێکەوتنی نوێدا بەشدار بیت. پێشنیاری ORAC دربارەی نەبەخشران دۆخی پەنابەری و ڕای RAT (ئەگەر هەبێت) هەروا باوەڕپێکراوە. ئەگەر IPO داواکاری تۆ بۆ پاراستنی لاوەکی پەسەند نەکات، "وەزیر" بڕیار دەدات کە ئاخۆ دەبێ مۆڵەتی مانەوە بدات بە تۆ یان نا. هەروەها دەتوانی نارەزایەتی خۆت سەبارەت بە داواکاری پاراستنی لاوەکی لە IPO ڕادەستی IPAT بکەیت.**

نارەزایی من لەسەر بڕیاری دەرکراو دەربارەی داواکاری پاراستنی لاوەکی بەر لە 31ی دیسەمبەری 2016 لە RAT ئیشی لەسەر دەکرا. بۆ داواکاری من چی ڕوو دەدات؟

IPAT، کە بۆتە جیگیرەوەی RAT ، تەنیا سەبارەت بە نارەزایەتی لە بواری پاراستنی لاوەکی بڕیار دەدات. تۆ دواتر بەپێی بڕگەی s.3ی "یاسای کۆچبەری 1999" مافی داواکاری نووسراوت هەیە بۆمۆڵەتی مانەوە ڕادەستی وەزیری داد و یەکسانی بکەیت. بنەمای ئەم بڕیارانە لە چەند ئاراستەوە جیاوازە لەگەڵ تێبینییەکانی "مۆڵەتی مانەوە" ئاماژەپێکراو لە "یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015". بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر ڕاویژ بکە لەگەڵ نوێنەری یاسایی خۆت.

من بەر لە 31ی دیسەمبەری 2016 لەڕێگەی RAT نارەزایی خۆم دەربڕی لەسەر بڕیاری دەرکراو بەپێی "یاسای دوبلن". بۆ داواکاری من چی ڕوو دەدات؟

IPAT، کە بۆتە جیگیرەوەی RAT ، تەنیا سەبارەت بە نارەزایەتی لەسەر بڕیاری دەرکراو بەپێی "یاسای دوبلن" ئیش دەکات. ئەگەر داوای پێداچوونەوەی تۆ پەسەند کرێت، داواکاری تۆ بەپێی ڕەوتی ئاسایی لە ئیرلەندە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

# 7 پرسیارە باو و بەردەوامەکان:

**پ** پاراستنی نێودەوڵەتی چییە؟

**و** پاراستنی نێودەوڵەتی بریتییە لە دەستەواژەی باوی یاسای یەکێتیی ئەورووپا کە پەیوەندی هەیە بە مافی پەنابەری و پاراستنی دووەمی. کەسێک کە لە ئیرلەندە داوای پەنابەری دەکات، داواکارە سوود لە پاراستنی نێودەوڵەتی وەرگرێت لە ئاست زوڵم یان مەترسیەک کە لە نیشتمانەکەی هەڕەشەی لێدەکرێت.

**پ** پەنابەر کێیە؟

**و** پەنابەر کەسێکە کە بەپێی ترسی گونجاو لە زوڵم بەپێی کێشەی نەژادی، ئایینی، هاووڵاتیبوون، سەر بە تاقمێکی کۆمەڵایەتی تایبەت یان هۆگرایەتێکی سیاسی ناتوانێت بگەڕیتەوە بۆ وڵاتەکەی.

دۆخی پەنابەری جۆرێک لە پاراستن دەبەخشرێت بە کەسانێک کە پێناسەی پەنابەری دەیانگرێتەوە.

**پ** پاراستنی لاوەکی چییە؟

**و** پاراستنی لاوەکی تەواوکەری مافی پەنابەرییە. ئەم دۆخە بۆ کەسانێک بەکار دێت کە بەهۆی کەوتنە بەر مەترسی جیدی ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان یان شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆیان. زیانی جیددی بەم واتایەیە: (آ) سزای مەرگ یان لەسێدارەدان؛ (ب)ئەشکەنجە یان مامەڵە و سزای نامرۆڤانە یان تەمێکارانە؛ (پ) مەترسی جیددی هەڕەشە لەسەر گیانی مرۆڤێک بەهۆی توندوتیژی گشتی لە بارودۆخی تێهەڵچوونی چەکدارانەی نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی.

پ مۆڵەتی مانەوە چییە؟

و بەخشینی مۆڵەتی مانەوە تەنیا لە حالەتێکدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت کە تۆ شیاوی وەرگرتنی مافی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی نەبیت. لەم حاڵەتەدا ، " وەزیر"بڕیار دەدات کە ئاخۆ دەبێ لەبەرهۆکاری دیکە وەک بارودۆخی خێزانی یان کەسی مۆڵەتی مانەوە لە ئیرلەندە بۆ تۆ دەر بکات یان نا.

"وەزیر" هۆکاری وەک ئەوانە لەبەرچاو دەگریت:

أ. سروشتی پەیوەندی تۆ لەگەڵ ئیرلەندە، ئەگەر هەبێت؛
ب. تێبینییەمرۆڤایەتییەکان؛
ج. کەسایەتی و ڕەفتاری تۆ لە ئیرلەندا و شوێنی دیکە، وەک تاوانباری سزایی؛
د. ڕەچاوکردنەکانی بەرژەوەندی گشتی.

"وەزیر" بۆ هەڵسەنگاندن بۆ دەرکردنی مۆڵەتی مانەوە قەدەغەکردنی گەڕاندنەوەی ناچاریش لەبەرچاو دەگرێت.

پ قەدەغەکردنی گەڕاندنەوەی ناچاری چییە؟

و ئەم ڕێسایە دەڵێ کە "وەزیر" نابێ بە هیچ شێوەیەک هەستێت بە گەڕاندنەوەی کەسەکە بۆ سنووری وڵاتێک کە بە بۆچوونی "وەزیر" (آ) گیان یان ئازادی کەسەکە بەهۆی نەژاد، ئایین، هاوولاتیبوون یان سەر بە تاقمێکی کۆمەڵایەتی تایبەت یان هۆگرایەتێکی سیاسی لە مەترسی دایەی یان (ب) کەسەکە بە ئەگەری زۆر دەکەوێتە بەر مەترسی سزای مەرگ یان لەسێدارەدان شکەنجە یان مامەڵە و سزای نامرۆڤانە یان تەمێکارانە.

پ "مۆڵەتی مانەوە" چییە؟

و مۆڵەتی مانەوە پەیوەندی بە پرۆسەیەک هەیە کە بەر لە پەسەندکردنی "یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015" کاری پێدەکرا. ئەو هۆکارانەی کە "وەزیر" دەبی بۆ دەرکردنی مۆڵەتی مانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، لە بەشی 3 لە "یاسای کۆچکردنی 1999" ئاماژەی پێکراوە. سەبارەت بە کەسانێک کە بابەتی دەرکردنیان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و پێشووتر بۆ پەنابەری هەنگاویان نەناوە ئەم ئامادەکاریانە هەروا ئەنجام دەدرێت. ژمارەیەکی کەم کەیسی گواستنەوە (کە پێشووتر ئاماژەی پێکرا) هەروا لەڕێگەی ئەم پرۆسەوە کاری بۆ دەکرێت.

پ ناسەربەخۆبوون بە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی باوان چ واتایەکی هەیە؟

و ناسەربەخۆبوون بەم واتایەیە کە هەڵسەنگاندنی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی منداڵی ناسەربەخۆ لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی داواکاری باوان ئەنجام دەدریت و لەوانەیە پەیوەندی هەبێت بە ئەنجامەکەی. منداڵی ناسەربەخۆ ناکەوێتە بەر چاوپێکەوتنی جیا یان هەڵسەنگاندنی جیا بۆ پێداویستییەکانی پاراستنی. باوک /دایک دەبێ لە پرۆسەی بەدواداچوون بۆ داواکاری خۆیان ئاماژە بە هەموو هۆکارەکانی پیداویستی منداڵەکە بکات بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و/یا مۆڵەتی مانەوە لە ئیرلەندە. تێبینی بکە کە پیداویستی پاراستنی منداڵ لەوانەیە لەگەڵ پێداویستییەکانی دایک و باوک جیاواز بێت.

پ ئەگەر بێدەوڵەت بم، دەتوانم داواکار بم بۆ پاراستنی نێودەولەتی؟

و بەڵێ، ئەگەر بێدەوڵەت بیت دەتوانی داواکاری مافی پەنابەری و پاراستنی لاوەکی لە ئیرلەندە پێشکەش بکەیت. داواکاری تۆ بەپێی بارودۆخی وڵاتی نیشتەجێبوونی ئاسایی، واتا وڵاتێک کە پێشووتر تێیدا ژیانت دەبردە سەر هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

پ ئەگەر کەمئەندام بم و/یان پێداویستی تایبەتی دیکەم پێویست بێت چی دەبێت؟

و تۆ دەبێ کەمئەندامی و/یان پێداویستێکی تایبەت کە دەبێ لە دانیشتنی چاوپێکەوتنی کەسی لەبەرچاوگیرێت، لە یەکەم دەرفەت بە IPO ڕابگەیێنە بۆ ئەوەی کە IPO، ئەگەر بکرێت، ئەو پێداویستیانە دەستەبەر بکات.

پ ئاخۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕوانامەی مافی پەنابەری یا پاراستنی لاوەکی دەکرێ؟

و بەڵێ، بڕوانامەی دۆخی پەنابەری یا پاراستنی لاوەکی لەوانەیە لە بارودۆخی تایبەت و سنووردارادا وەک نادروست یان سەرلێشێواندنی زانیارییەکانی پێشکەشکراو لە ماوەی کارکردن لەسەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی، هەڵوەشێتەوە. لەم حاڵەتەدا، پێشنیاری "وەزیر" بۆ هەڵوەشاندنەوەی دۆخی تۆ هاوڕێ لەگەڵ هۆکارەکانی پەیوەندیدار بە نووسراوە بە تۆ ڕادەگەیەندرێت. تۆ دەتوانی وەڵامی ئەوانەی باسکراوە لە ماوەی 15 ڕۆژی ئیشکردن لە ڕێکەوتی وەرگرتنی ئەم نامەیە پێشکەش بکەیت بە "وەزیر". ئەگەر "وەزیر" بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دۆخی تۆی داوە، دەتوانی لە ماوەی 10 ڕۆژی ئیشکردن لە "دادگای تێهەڵچوونەوە" داوای پێداچوونەوە بکەیت لەسەر ئەم بڕیارە.


پ لە ماوەی بەدواداچوون بە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی لە کوێ نیشتەجێ بم؟

و "دام و دەزگای وەرگرتن و یەکخستن" پێشنیاری نیشتەجێبوون لە ناوەندی "دابینکردنی ڕاستەوخۆ" دەدات بە تۆ. هەر چەندە، ئەگەر بتوانیت تێچووی نیشتەجێبوونی خۆت دابین بکەیت، دەتوانی لە هەر کوێ کە حەز بکەیت بژیت. سیستەمی وەرگرتن بەپێی مەرجەکانی مادەی 230 تایبەتی 2018 لە یاساکانی کۆمەڵگایئەورووپی 2018 (مەرجەکانی وەرگرتن) جێبەجێ دەکرێت.


## بەخشینی مافی پەنابەری لەم قۆناغەدا





## بەخشینی پاراستنی لاوەکی لەم قۆناغەدا



## بەخشینی PTR لە قۆناغی یەکەمدا



# نەخشەی دۆخی پەنابەری، SP و PTR لە قۆناغی یەکەمدا



# زانیاری پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان

**پاش خوێندنەوەی ئەم پەڕەیە دیسان پرسیارت هەیە دەربارەی ڕەوتی یەکەی نوێ یان یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی؟**

دەتوانی پەیوەندی بکەیت بە نووسینگەی ئێمە و/یان ڕاوێژ بە پارێزەرەکەت بکەیت.

**International Protection Office Irish Naturalisation & Immigration Service**
79-83 Lower Mount Street,
Dublin 2, D02 ND99
تەلەفۆن: +353 1 602 8000
فاکس: +353 1 602 8122
ئیمەیل: ipo@justice.ie
www.ipo.gov.ie

**International Protection Appeals Tribunal**
6/7 Hanover Street,
Dublin 2, D02 W320
تەلەفۆن: +353 1 474 8400
Lo-Call: 1890 210 458
فاکس: +353 1 474 8410
ئیمەیل: info@protectionappeals.ie
www.protectionappeals.ie

**Irish Naturalisation & Immigration Service**
Department of Justice & Equality
13-14 Burgh Quay,
Dublin 2, D02 XK70
تەلەفۆن: +353 1 616 7700
Lo-Call: 1890 551 500
www.inis.gov.ie

**Reception and Integration Agency**
P.O. Box 11487, Dublin 2
تەلەفۆن: +353 1 418 3200
فاکس: +353 1 418 3271
ئیمەیل: RIA_Inbox@justice.ie
www.ria.gov.ie

**ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆچبەری (International Organisation for Migration)**
116 Lower Baggot Street,
Dublin 2, D02 R252
تەلەفۆن: +353 1 676 0655
تەلەفۆن خۆڕایی: 1800 406 406
ئیمەیل: iomdublin@iom.int
www.ireland.iom.int

**لیژنەی ڕاوێژکاریی یاسایی دوبلین**
48/49 North Brunswick Street,
Georges Lane, Dublin 7
D07 PE0C
تەلەفۆن: +353 1 646 9600
فاکس: +353 1 671 0200
ئیمەیل: lawcentresmithfield@legalaidboard.ie

**لیژنەی ڕاوێژکاریی یاسایی گالوای (Legal Aid Board Galway)**
9 Francis Street Galway,
H91 NS53
تەلەفۆن: +353 91 561 650
فاکس: +353 91 563 825
ئیمەیل: galwaylawcentre@legalaidboard.ie

**لیژنەی ڕاوێژکاریی یاسایی کورک (Legal Aid Board Cork)**
Popes Quay Law Centre,
North Quay House,
Popes Quay, Shandon,
Cork, T23 HV26
تەلەفۆن: +353 21 4551 686
فاکس: +353 21 455 1690
ئیمەیل: lawcentrecorknorth@legalaidboard.ie

**Team for Separated Children Seeking Asylum, Tusla - Child & Family Agency**
Sir Patrick Dun's Hospital,
Lower Grand Canal Street,
Dublin 2, D02 P667
تەلەفۆن: +353 1 647 7000
فاکس: +353 1 647 7008
www.tusla.ie

**Irish Refugee Council**
37 Killarney Street, Mountjoy, Dublin
1تەلەفۆن: +353 1 764 854
فاکس: +353 1 672 5927
ئیمەیل: info@irishrefugeecouncil.ie
www.irishrefugeecouncil.ie

**Nasc Ireland**
Ferry Lane, Dominic Street, Cork
تەلەفۆن: +353 21 450 3462
ئیمەیل: info@nascireland.org
www.nascireland.org

**Doras Luimni**
Central Buildings 51a,
O' Connell Street,
Limerick, V94 268W
تەلەفۆن: +353 61 310 328
ئیمەیل: info@dorasluimni.org
www.dorasluimni.org

**Crosscare Refugee Service**
2 Sackville Place, Dublin 1
تەلەفۆن: +353 1 873 2844
فاکس: +353 1 872 7003
ئیمەیل: refugeeservice@crosscare.ie
www.crosscare.ie

**SPIRASI**
213 North Circular Road,
Phibsborough, Dublin 7,
تەلەفۆن: +353 1 838 9664
یا +353 1 868 3504
فاکس: +353 1 882 3547
ئیمەیل: info@spirasi.ie
www.spirasi.ie

**Jesuit Refugee Service Ireland**
The Mews, 20 Upper Gardiner St.
Dublin 1.
تەلەفۆن: +353 1 814 8644
www.jrs.ie

**UNHCR**
102 Pembroke Road,
Ballsbridge, Dublin 4,
Ireland.
تەلەفۆن: +353 1 6314510
ئیمەیل: iredu@unhcr.org
www.unhcr.ie

UNHCR
The UN Refugee Agency

www.unhcr.ie